Vision Foundation

for Strategic Studies

# هەواڵنامە

پایزی ٢٠٢٥

١ی تشرینی یەکەم – ٣١ی کانونی یەکەم

## پەیامی دامەزراوە

### لە دیدگاوە بۆ کاریگەری

ئەمە چوارەم هەواڵنامەیە کە بڵاوی ئەکەینەوە، هاوکات بەگەرم گوڕیەوە پێ ئەنێینە ساڵی دووەمی کارکردنمان، بە چەندین پلانی ستراتیجی گەورەوە، کە بەهیواین هەموی برژێتە جۆگەی ئامانجە سەرەکیەکەمان, لە خزمەتکردنی کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەو بەشداری کردن لەبەهێزکردنی دامەزراوەکان و پێشکەشکردنی نەخشە رێگای گونجاو بە هاوکاری و بەشداری دامودەزگا پەیوەندیدار و کەسانی پسپۆڕ و خەمخۆر.

ئەوەی جێگای دڵخۆشیمانە، لەم یەک ساڵەی تەمەنی دامەزراوەکەماندا، بەشێکی گرنگ لە پلانەکانمان جێبەجێ کراون یا بەرەو جێبەجێ بون ئەڕۆن.

خاڵێکی گەشی ئەم یەک ساڵەی کارکردنمان، بەدەمەوە هاتن و هەماهەنگی و کاری پێکەوەییە, لەگەڵ کەرتە حکومی و خزمەتگوزاری و ناوەندە زانستیەکانی وەک زانکۆکان. ئەمە هەم جێگای دڵخۆشی و هەمیش ئاماژەیە بۆ یەکتر تەواوکردن و ئەرکی هاوبەشی دامەزراوەی کۆمەڵگای مەدەنی, لەگەڵ ناوەندە حکومی و زانستیەکان، لە پێناو کارکردنی هاوبەش لەسەر پرسە بناغەییەکانی کۆمەڵگا و، هەنگاونان بەرەو قۆناغ و سەردەمێکی نوێ لە ژیانی نیشتمانەکەمان, کە بەدڵنیایەوە هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنێکی ورد و پتەوتر دەخوازێت.





## دیدگا و پەیامی ئێمە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەک ناوەندێکی بیر وتوێژینەوە، هەر لەسەرەتاوە بەمەبەستی کارکردن لەسەرپایە بنەڕەتییەکانی گەشەدان وبەهێزکردنی تواناکانی کۆمەڵگە دروست بوو هەر بەوئاڕاستەیەش کار دەکات.

بۆ دامەزراوەیەک کە دیدگا لەسەربەشداریکردنی چالاکانەیە لەچارەسەرکردنی کێشەکان و برەودان بە چاکسازی لە کاری دامەزراوە و سێکتەرەجیاوازەکانی کۆمەڵگەدا، دەبوو تیشکۆی کارکردنی بەئاڕاستەی ئەوپرسانەدا بێت کە خزمەت بە دروستبوونی دەسەڵاتێکی خزمەتگوزار و مۆدێرن دەکەن.



## ئامانجەکانی داهاتوومان

کار لەسەر بەهێزکردنی گفتوگۆ دەستووریی، ئابووری، دارایی وکۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە و هەرێم بەگشتی دەکەین، لەپاڵ هەوڵەکانی دامەزراوەکانی تر، دەمانەوێت ڕۆڵمان هەبێت لە گەشەپێدان وچارەسەری گونجاو و سەردەمییانە بۆ هەمووئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە و کۆمەڵگەکەمان دەبێتەوە. لەهەمانکاتدا،پێویستە لەوەتێبگەین لە ئێستادا ئێمە بەشێکین لە تەونی سیاسی، دیبلۆماسی و ئابووری عێراق،دەبێت ئاستی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن بە ئاڕاستەی بەهێزکردنی هەرێمەکەمان ودامودەزگاکان و برەودان بە گەشەسەندن، وەبەرهێنان و بووژانەوە ببەین. بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە بەهێزکردنی تواناکانی ئێرە و نەخشییان لە دیاریکردنی ئایندەدا.

## هەنگاوەکانمان

- بەشداری کۆمەڵی مەدەنی لە ڕەنگڕێژکردن و هەماهەنگیکردن و بەشداریکردن لە سیاسەتە ستراتیجییە گشتییەکاندا.
- هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی پلانی ستارتیجی و ڕاسپاردە و نەخشەرێگای کرداری.
- بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە و حوکمڕانی.
- ئایندەسازی بۆ نەوەکانی داهاتوومان.



# هاوبەشەکانمان

هەماهەنگی و هاوکاریکردنی دامودەزگاکانی حکومەت، ڕێکخراوەکان، زانکۆکان و دامەزراوەکانی نێو کۆمەڵگە گرنگ وپێویستن. لەهەمانکاتیشدا، برەو بە هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوە وخانەکانی بیر دەدەین، جا چ لەناوچەکە و هەرێم، یاخود لەسەر ئاستی عێراق و جیهاندابن.



# چالاکی و کۆبوونەوەکان

## دامەزراوەی ڤیژن چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکات



لە 2ی تشرینی یەکەمی 2025، شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی سەردانی ئۆفیسی سلێمانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقی کرد و لەلایەن بەڕێوەبەری ئۆفیسەکەوە پێشوازییان لێکرا. لە کۆبونەوەکەدا، دامەزراوەی ڤیژن ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە لەڕێگەی پلاتفۆرمێکی تایبەتەوە بە هاوبەشی سەنتەری ستراتیجی مافی مرۆڤ لە بەغداد چاودێری قۆناغی بانگەشەی هەڵبژاردن و پرۆسەی دەنگدان دەکەن لە گەیاندنی پەیامە راست و دروستەکان و جیاکردنەوەیان لە هەواڵی ناڕاست و چەواشەکاریی، بەڕێوەبەری ئۆفیسەکەش پشتگیریی خۆی بۆ کارەکانی دامەزراوەی ڤیژن دوپاتکردەوە.

## بەیاننامەی دەستپێکی پڕۆژەی (عێراق فلتەر) بۆ چاودێریی زانیاریەکانی هەڵبژاردن

لە 6ی تشیرنی یەکەمی 2025 (عێراق فلتەر) پڕۆژەیەکی نوێی بۆ وردبینی لە زانیارییەکان راگەیاند؛ پڕۆژەکە تایبەت بو بە دەستنیشانکردن و شیکردنەوە و راستکردنەوەی زانیاری هەڵە و چەواشە لەماوەی کەمپینی هەڵبژاردنەکانی عێراق. ئەم پڕۆژەیە هەریەکە لە دامەزراووی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و ناوەندی ستراتیجی مافی مرۆڤ بە پشتیوانی رێکخراوی ئایدیا ئینتەرناشناڵ کاریان تێداکرد و لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا پشتیوانی دارایی کرا کە رەنگدانەوەی دەبێت لە بەدیهێنانی پابەندبونێکی بەکۆمەڵ لە بەگژداچونەوەی پشێوی لەنێو گێژاوی زانیارییەکان و بەهێزکردنی پایەکانی دیموکراسی لە عێراق.






## گروپێک لە رۆژنامەنوسانی بە ئەزموون سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکەن



لە 13ی تشرینی یەکەمی 2025 شاندێکی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە پێکهاتبون لە ژمارەیەك رۆژنامەنوسی بە ئەزمون سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیان کرد و لەلایەن سەرۆکی و ئەندامانی دامەزراوەکە پێشوازییان لێکرا. لە سەردانەکەیاندا شاندی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان باسیان لە گرنگی سەرەنتەرەکانی توێژینەوە کرد لە دەستنیشانکردنی کێشە و گرفتەکان و خستنەڕووی چارەسەرەکان، کاریگەرییەکانیشیان لەسەر ناوەندەکانی بڕیار.

## ناوەندی مەشورە بۆ لێکۆڵینەوە و گەشەپێدان سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکات



لە 15ی تشرینی یەکەمی 2025، شاندێکی ناوەندی مەشورە بۆ لێکۆڵینەوە و گەشەپێدان بە یاوەری د.هەڵەت رەشید، سەرۆکی زانکۆی چەرمۆ سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیان کرد و لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزراوەکە پێشوازییان لێکرا. لە دیدارەکەدا د. حیدر عبدالزهرە التمیمی سەرۆکی ناوەندی مەشورە باسی لە رۆڵ و کاروچالاکی ناوەندەکەیانی کرد لە شاری بەغداد و پارێزگاکانی تر. لەلای خۆیەوە عەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن ئاماژەی بەڕۆڵ و گرنگی دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوەدا لە پێشکەش کردنی توێژنیەوە و راوێژ و راسپاردە بۆ بڕیاربەدەستان، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی کومەڵگە.

## گروپێک لە رۆژنامەنوسانی بە ئەزموون سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکەن



2ی تشرینی دووەمی 2025 شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی سەردانی کونسوڵخانەی ئەرمینیایان کرد لە شاری هەولێر، لەگەڵ رافایل مۆڤسیسیان سەرکونسڵی ئەرمینیا کۆبوونەوە و گفتوگۆیان کرد دەربارەی هەردوو کارەساتی جینۆسایدی ئەرمەن و کورد.




## ئامار و زانیارییەکانی هەواڵی ناڕاست و چەواشە لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان خرانەڕوو

لە 5ی تشرینی دووەمی 2025، لە دامەزراوەی ڤیژن کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی کار و چالاکییەکانی پرۆژەی (عێراق فلتەر) ئەنجامدرا. لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا ئامار و چالاکییەکانی (عێراق فلتەر) لە ماوەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بۆ رۆژنامەنوسان خرانەڕو کە پێکهاتبوون لە 98 بابەتی هەواڵی ناڕاست و بابەتی هۆشیاری و هاندان، تیشکیش خرایەسەر ئەو ئاڵنگارییانە کە هاتوونەتە بەردەم پڕۆژەکە.

## توێژینەوەیەکی دامەزراوەی ڤیژن لە کۆنفڕانسێکی نێودەوڵەتی پێشکەشکرا



لە 7ی تشرینی یەکەمی 2025، یەکەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی لەبارەی (ژیری دەستکرد بۆ بەردەوامیی لە جیهانی گەشەسەندوودا) لە زانکۆی ئاکرێ بەڕێوەچو، تێیدا چەندین توێژەر و پسپۆڕی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی بەشدارییان تێدا کرد.دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە کۆنفڕانسەکەدا توێژینەوەیەکی پێشکەش کرد بە بەناونیشانی (کاریگەری بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی لەسەر کاریگەریی سیستەمی کۆنترۆڵی ناوخۆیی)، بە ئامادەکردنی لەلایەن هەر یەک لە بەرێزان د.نەبەرد کەریم و م. شارۆ نەورۆز.



## دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکات

لە 17ی تشرینی دووەمی 2025 باڵیۆز د. محەمەد سابیر سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی و شاندێکی یاوەری سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجییان کرد و لەلایەن عەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن و ئەندامانی ئەنجومەنەوە پێشوازییان لێکرا. باڵیۆز د. محەمەد سابیر سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی، پیرۆزبایی لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و چالاکییە جۆراوجۆرەکان کرد و باسیشی لە گرنگی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو دامەزراوە کرد.





## بەڕێوەبەر و بەشێک لەمامۆستایانی قوتابخانەی لیدەرسی ناحکومی سەردانی دامەزراوەی ڤیژنیان کرد

لە 17 تشرینی دووەمی 2025، بەڕێوەبەر و بەشێک لە مامۆستایانی قوتابخانەی لیدەرسی ناحکومی سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژیان کرد. لە دیدارەکەدا باس لە گرنگی قوتابخانە و مامۆستایان کرا لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو، تێگەیشتن لە شێواز و ئامرازە نوێیەکانی خوێندن و پێگەیاندن و راهێنانی خوێندکاران، ئاماژەشدرا بە رۆڵی دامەزراوەی ڤیژن و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لەبەرەوپێشبردنی کەرتی پەروەردە.



## دامەزراوەی ڤیژن و ئاژانسی ئینتەرپڕایزی هۆڵەندا گفتوگۆ لەبارەی گەشەپێدانی بەردەوامەوە دەکەن

رۆژی 18ی تشرینی دووەمی 2025، شاندێکی ئاژانسی ئینتەرپڕایزی هۆڵەندا (RVO) کە پێکهاتبوون لە وێنێکی بوسهارت و جۆهان مەیەر و بەیاوەری د. ڕازان عومەر لە زانکۆی سلێمانی سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییان کرد. لەدیدارەکەدا، باس لە بەرنامە و ئامانج و ئەولەوێتی کارکردنی هەردوولا کرا و زانیاری ئاڵوگۆڕکرا بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە و کاری هاوبەش، بەتایبەتیش بۆ پشتگیری هەر دەستپێشخەرییەکی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت لەبوارەکانی پێشخستنی کشتوکاڵ و باشکردنی ئیدارەدانی ئاو و بەهێزکردنی گەشەپێدانی بەردەوام.

## پ. د. نەوزاد عەبدولرەحمان ئەلهیتی سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد




20ی تشرینی دووەمی 2025، پ. د. نەوزاد عەبدولڕەحمان ئەلهیتی راوێژکاری ئابوری لە وەزارەتی دەرەوەی قەتەر و مامۆستای ئابوری سیاسی لە پەیمانگای دیپلۆماسی لە دەوحە سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد. لەدیدارەکەدا، دامەزراوەی ڤیژن دیدگە و بەرنامە و کارو چالاکییەکانی خستەڕو و باس لە هەماهەنگی و دروستکردنی پەیوەندی و ئەنجامدانی توێژینەوە و کاری هاوبەش کرا، بەتایبەت لەبارەی گەشەپێدانی ئابوری لە هەرێمی کوردستان.

## سیمینارێک دەربارەی سەردەمی نوێی پەروەردە و فێرکردن لە نێوان پێویستی و گەشەسەندندا بەڕێوەچوو

لە 6ی تشرینی دووەمی 2025، لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی نوێی چاوی کراوەدا، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی سیمینارێکی بۆ م. نەژاد عەبدوڵا، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی بە ناونیشانی (سەردەمی نوێی پەروەردە و فێرکردن لەنێوان پێویستی و گەشەسەندندا) سازکرد. لە سیمینارەکەدا بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی باسی لە کێشە و گرفت و ڕێگرییەکانی بەردەم کەرتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییەکەیان کرد و پێشنیاز و چارەسەرەکانی خستەڕوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و لابردنی گرفتەکانی بەردەم کەرتی پەروەردە.










## مێزگردی هەڵسەنگاندنی کەرتی گواستنەوەی گشتی بەڕێوەچوو

لە 16ی تشرینی یەکەمی 2025، دووەمین مێزگردی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی دەربارەی (هەڵسەنگاندنی کەرتی گواستنەوەی گشتی لە سلێمانی) بەڕێوەچو، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەبارەی ئاستەنگەکان و دۆزینەوەی دەرفەتەکانی گەشەسەندن.مێزگردەکە بە ئامادەبوونی دەستەبژێرێکی پەیوەندیداری حکومی و کەرتی تایبەت و سەندیکاکان بەڕێوەچوو، تێیدا تیشک خرایەسەر چۆنێتی داڕشتنی پلانێکی کرداری بۆ فراوانکردنی هۆکارەکانی هاتوچۆی گشتی، وەک پێویستیەکی هەنوکەیی بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی تایبەت.











## ئامار و زانیارییەکانی هەواڵی ناڕاست و چەواشە لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان خرانەڕوو

لە 5ی تشرینی دووەمی 2025، لە دامەزراوەی ڤیژن کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی کار و چالاکییەکانی پرۆژەی (عێراق فلتەر) ئەنجامدرا. لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا ئامار و چالاکییەکانی (عێراق فلتەر) لە ماوەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بۆ رۆژنامەنوسان خرانەڕو کە پێکهاتبوون لە 98 بابەتی هەواڵی ناڕاست و بابەتی هۆشیاری و هاندان، تیشکیش خرایەسەر ئەو ئاڵنگارییانە کە هاتوونەتە بەردەم پڕۆژەکە.

## توێژینەوەیەکی دامەزراوەی ڤیژن لە کۆنفڕانسێکی نێودەوڵەتی پێشکەشکرا



لە 7ی تشرینی یەکەمی 2025، یەکەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی لەبارەی (ژیری دەستکرد بۆ بەردەوامیی لە جیهانی گەشەسەندوودا) لە زانکۆی ئاکرێ بەڕێوەچو، تێیدا چەندین توێژەر و پسپۆڕی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی بەشدارییان تێدا کرد.دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە کۆنفڕانسەکەدا توێژینەوەیەکی پێشکەش کرد بە بەناونیشانی (کاریگەری بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی لەسەر کاریگەریی سیستەمی کۆنترۆڵی ناوخۆیی)، بە ئامادەکردنی لەلایەن هەر یەک لە بەرێزان د.نەبەرد کەریم و م. شارۆ نەورۆز.



## دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکات

لە 17ی تشرینی دووەمی 2025 باڵیۆز د. محەمەد سابیر سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی و شاندێکی یاوەری سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجییان کرد و لەلایەن عەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن و ئەندامانی ئەنجومەنەوە پێشوازییان لێکرا. باڵیۆز د. محەمەد سابیر سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆك جەلال تاڵەبانی، پیرۆزبایی لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و چالاکییە جۆراوجۆرەکان کرد و باسیشی لە گرنگی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوو دامەزراوە کرد.





## بەڕێوەبەر و بەشێک لەمامۆستایانی قوتابخانەی لیدەرسی ناحکومی سەردانی دامەزراوەی ڤیژنیان کرد

لە 17 تشرینی دووەمی 2025، بەڕێوەبەر و بەشێک لە مامۆستایانی قوتابخانەی لیدەرسی ناحکومی سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژیان کرد. لە دیدارەکەدا باس لە گرنگی قوتابخانە و مامۆستایان کرا لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەی داهاتوو، تێگەیشتن لە شێواز و ئامرازە نوێیەکانی خوێندن و پێگەیاندن و راهێنانی خوێندکاران، ئاماژەشدرا بە رۆڵی دامەزراوەی ڤیژن و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لەبەرەوپێشبردنی کەرتی پەروەردە.



## دامەزراوەی ڤیژن و ئاژانسی ئینتەرپڕایزی هۆڵەندا گفتوگۆ لەبارەی گەشەپێدانی بەردەوامەوە دەکەن

رۆژی 18ی تشرینی دووەمی 2025، شاندێکی ئاژانسی ئینتەرپڕایزی هۆڵەندا (RVO) کە پێکهاتبوون لە وێنێکی بوسهارت و جۆهان مەیەر و بەیاوەری د. ڕازان عومەر لە زانکۆی سلێمانی سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییان کرد. لەدیدارەکەدا، باس لە بەرنامە و ئامانج و ئەولەوێتی کارکردنی هەردوولا کرا و زانیاری ئاڵوگۆڕکرا بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە و کاری هاوبەش، بەتایبەتیش بۆ پشتگیری هەر دەستپێشخەرییەکی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت لەبوارەکانی پێشخستنی کشتوکاڵ و باشکردنی ئیدارەدانی ئاو و بەهێزکردنی گەشەپێدانی بەردەوام.



## پ. د. نەوزاد عەبدولرەحمان ئەلهیتی سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد

20ی تشرینی دووەمی 2025، پ. د. نەوزاد عەبدولڕەحمان ئەلهیتی راوێژکاری ئابوری لە وەزارەتی دەرەوەی قەتەر و مامۆستای ئابوری سیاسی لە پەیمانگای دیپلۆماسی لە دەوحە سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد. لەدیدارەکەدا، دامەزراوەی ڤیژن دیدگە و بەرنامە و کارو چالاکییەکانی خستەڕو و باس لە هەماهەنگی و دروستکردنی پەیوەندی و ئەنجامدانی توێژینەوە و کاری هاوبەش کرا، بەتایبەت لەبارەی گەشەپێدانی ئابوری لە هەرێمی کوردستان.




## ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی عێراق پیرۆزبایی ئاڕاستەی دامەزراوەی ڤیژن دەکەن

لە 3ـی تشرینی دووەمـی 2025، هـەردوو دامـەزراوەی ئەلکەلیمـە بـۆ دیالـۆگ و گەشـەپێدان و ناوەنـدی ئەلڕشـید بـۆ گەشـەپێدان پیرۆزیابـی و دەستخۆشـییان ئاڕاسـتەی دامـەزراوەی ڤیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کـرد بەهـۆی ئەنجامدانـی سـەرکەوتنی دیـداری ڤیـژن بـۆ پرسی دەستور.



## ڤیژن ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسێکی گەورە لە گەرمیان دەکات

4ـی تشـرینی دووەمـی 2025، شـاندێکی دامـەزراوەی ڤیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی سـەردانی ئیـدارەی گەرمیانیـان کـرد و لەلایـەن سەرپەرشـتیار و جێگـری ئیـدارەی گەرمیـان و ژمارەیـەك لـە بەڕێوەبـەری گشـتی ئیدارەکـە پێشـوازییان لێکرا.




## ڕۆڵی دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوە لەسەرخستنی ئەزمونی ڕۆژئاوادا جەختی لێ کرایەوە

5ـی تشرینی دووەمـی 2025، د. جاویدان کەمـال، نوێنـەری پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی (پەیـەدە) بـە یـاوەری بێریڤـان محەمـەد سـەردانی دامـەزراوەی ڤیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجیان کـرد و لەلایـەن سـەرۆك و ئەندامانـی ئەنجومەنـی بەڕێوەبردنـی دامەزراوەکـەوە پێشـوازییان لێکـرا. لـە سـەردانەکەدا شـاندی (پەیـەدە) باسـیان لـە بارودۆخـی ئێسـتای سـوریا و ڕۆژئـاوای کوردسـتان و پەیوەنـدی نێـوان ئیـدارەی خۆسـەری و دەسـەڵاتی ئێسـتای دیمەشـق کـرد و ئاماژەیـان بـەوەدا کـە ڕۆژئـاوا هێـز و قەوارەیەکـی ڕێکخـراو و تۆکمەیـە و لەگفتوگۆکانیـان لەگـەڵ دیمەشق سـورن لەسـەر بەدیهێنانـی داواکارییـە نەتەوەیـی و یاساییەکان، بـە تایبەتیش پرسـی لامەرکەزی و مانەوەی هێزەکانی هەسەدە.






## نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سوید سەردانی دامەزراوەی ڤیژنی کرد

لـە 6ـی تشـرینی دووەمـی 2025، شـۆڕش قـادر، نوێنـەری حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە سـوید سـەردانێکی بـۆ دامـەزراوەی ڤیـژن بۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی ئەنجامـدا. لەدیدارێکـدا کـە سـەرۆك و بەشـێك لـە ئەندامانـی دامـەزراوەی ڤیـژن بەشـدارییان تێـدا کـرد، گفتوگـۆ دەربـارەی بەهێزکردنـی ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـگای مەدەنـی و دەزگاکانـی لێکۆڵینـەوە کـرا لـە پرسـەکانی کۆمەڵگادا.




## نوێنەری پێشوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ئەنقەرە سەردانی دامەزراوەی ڤیژنی کرد

لـە 6ـی تشـرینی دووەمـی 2025، بەهـرۆز گەڵاڵـی، کەسـایەتی سیاسـی و نوێنـەری پێشـوی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لـە ئەنقـەرە سـەردانێکی بـۆ دامـەزراوەی ڤیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی ئەنجامـدا. لـە کۆبوونەوەیەکیـدا لەگـەڵ عەدنـان عوسـمان، سـەرۆکی دامـەزراوەی ڤیـژن، گفتوگـۆ لەبارەنگرنگـی هاوکاریکردنـی ناوەندەکانـی لێکۆڵینـەوە و هەماهەنگـی لەگـەڵ دامـەزراوە هاوچەشنەکان لـە وڵاتانـی دراوسێ کران.



## دامەزراوەی ڤیژن بەشداری کۆنفرانسێکی ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی دەکات

لـە 20 تشـرینی دووەمـی 2025، دامـەزراوەی ڤیـژن بۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی بەشـداری لە کۆنفرانسـی نێودەوڵەتـی بـە ناونیشـانی (ئابـوری کاربـۆن 2025) کـرد کـە لەلایـەن پێترۆنـاس سـۆلوشـن ڕێکخرابـو، لـە کـوالا لامپـۆری وڵاتـی مالیزیا. کۆنفرانسـەکە کـە لـە 16ـی تشـرینی دووەمـی 2025 بەڕێوەچوبـو، تێیـدا دامـەزراوەی ڤیـژن بـە توێژینەوەیـەك لەژێر ناونیشـانی (نەخشـە ڕێگایـەک بـۆ ئابـوری کاربـون و پـڕۆژەی کردیتـی کاربۆنـی ئەزمونـی لەنێوان حکومەتـی فیدراڵـی عێـراق و هەرێمـی کوردستاندا) بەشداریکرد.

## گفتوگۆ لەسەر پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی کرا




لە 23ـی تشرینی دووەمی 2025، شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی سەردانی پەیمانگای تەکنیکی کوردستانی کرد و لە سەردانەکەشدا تیشکخرایەسەر چەند پرسێکی پەیوەست بە پرۆسەی خوێندن و بواری توێژینەوە و بەهێزکردنی پەیوەندییە زانست و ئەکادیمییەکان.

## دامەزراوەی ڤیژن میوانداری رێکخراوی گەڕانەوە بۆ ژیان دەکات




لە 24ـی تشرینی یەکەمی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵێنەوەی ستراتیجی میوانداری چالاکییەکی رێکخراوی گەڕانەوە بۆ ژیان-ی کرد کە تایبەت بو بە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا لە نەخۆشی شێرپەنجە. لە چالاکییە هاوبەشەکەدا، ژمارەیەك پسپۆڕ و شارەزایان و پزیشکان و بەڕێوەبەری هەردوو نەخۆشخانەی هیوا و ژیانەوە بەشدارییان کرد و باسیان لە گرنگیی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان لە نەخۆشی شێرپەنجە و ئەنجامدانی پشکنینی پێشوەخت و رێکارەکانی رووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییە کرا.

## دامەزراوەی ڤیژن دیدارێک سەبارەت بەدەستور و سیستمی فیدڕاڵی و لامەرکەزی لە عێراق ئەنجامدا



لە 25ـی تشرینی یەکەمی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی دیدارێکی لە شاری سلێمانی بە ناونیشانی "پاش 20 ساڵ لە پەسەندکردنی دەستور، لەکوێی فیدراڵی و لامەرکەزیداین لە عێراقدا"؟ ئەنجامدا و تێیدا چەندین ناوەندی لێکۆڵێنەوەی هەرێمی کوردستان، عێراق، رێکخراوەکان، کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕ، بەرپرسانی حکومیی و زانکۆکان بەشدارییان تێدا کرد.

## باڵیۆزی ڕووسیای فیدڕاڵ لە عێراق سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکات




لە 29ـی تشرینی یەکەمی 2025 ئێلبروس کوتراشیڤ، باڵیۆزی رووسیای فیدڕاڵ لە عێراق بەیاوەری شاندێک سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد. لە سەردانەکەی باڵیۆزی روسیادا بۆ دامەزراوەی ڤیژن ژمارەیەك لە کەسایەتی سیاسی و حکومی و رۆژنامەنووس و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامادەییان هەبو، باڵیۆزی روسیا باسی لە چەند پرسێکی گرنگی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و دۆخی رۆژئاوای کوردستان و سوریا و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیدارەی خۆسەر کرد.

## باڵیۆزی ڕووسیای فیدڕاڵ لە عێراق سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکات



لە 26ـی تشرینی دووەمی 2025 شاندی زانکۆی ئەمریکی کوردستان لە دهۆك AUK کە پێکهاتبوون لە سکرتێری ئەنجومەنی ئەمینداران و سەرۆکی دیداری ئاشتی و ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست MEPS و بەرپرسی توێژینەوەکانی زانکۆکە سەردانی دامەزراوەی ڤیژنیان کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوو دامەزراوەکە باسیان لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و ئەنجامدانی پرۆژە و توێژینەوەی هاوبەش و هەماهەنگی زانستی کرد.



## دامەزراوەی ڤیژن و رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان کۆبوونەوە



27ـی تشرینی دووەمی 2025 شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی سەردانی رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستانیان کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوولا باسیان لە ئەنجامدانی توێژینەوە و پرۆژەی هاوبەش کرد لە داهاتوودا بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی دۆخی هەرێمی کوردستان بە گشتی و منداڵان بە تایبەتی.

## دامەزراوەی ڤیژن لەگەڵ نێردەی سوید لە عێراق کۆبووەوە



لە 27ـی تشرینی دووەمی 2025، یورگن لیندستروم، سەرۆکی نێردەی سوید بۆ عێراق و نیکلاس بینویك-ی جێگری لەگەڵ شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا کە ژمارەیەک لە رێکخراوە کاریگەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامادەیبوون، نێردەی سوید خۆشحاڵی خۆی بۆ چالاکییەکانیان دەربڕی، سەرەڕای ئەو بەربەستانەی لەبەردەمیاندایە، بە پێویستیشی زانی حکومەت و رێکخراوەکان هەریەکەیان بە ئەرکی خۆیان هەستن و نەبن بە جێگرەوەی یەکتری.

## دامەزراوەی ڤیژن کێشەکانی بەردەم کەرتی پەروەردە تاوتوێ دەکات



لە 27ـی تشرینی دووەمی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی مێزگردێکی تایبەت بە (پەروەردەی فەرمی) بەڕێوەبرد، کە تێیدا پرسی فەلسەفەی پەروەردە و بنیاتنانی تاك و کێشەکانی بەردەم پەرەپێدانی پرۆگرامی پەروەردەیی و هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکان گفتوگۆیان لەبارەوە کرا. بەشداربووانی مێزگردەکە گفتوگۆیان لەبارەی ئەو کێشانەوە کرد کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم بەرەوپێشچوونی کەرتی پەروەردە و چەند پلان و بۆچونێکیشیان خستەڕوو کە رۆڵی لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی فێرکردن دەبێت لە هەرێمی کوردستاندا.

## توێژینەوەیەک دەربارەی هەناردەکردنی هەنار ئاڕاستەی ناوەندەکانی بڕیار دەکرێت




لە 30ـی تشرینی دوەمی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی توێژینەوەیەکی ئامادەکراوی دەربارەی چۆنیەتی هەناردەکردنی بەرهەمی هەناری پارێزگای هەڵەبجە ئاڕاستەی بەڕێز جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد. توێژینەوەکە سەرجەم قۆناغەکانی رنین، گواستنەوە، کۆگاکردن و پاکێجین و هەناردەکردنی لەخۆی گرتبوو ئەو وڵاتانەشی دەستنیشانکردبو کە دەتوانرێت هەناری هەڵەبجەی بۆ هەناردە بکرێت وەك وڵاتانی کەنداو و ئەوروپا، لەگەڵیشیدا پێویستییەکانی پرۆسەی هەناردەکردنەکەی لەخۆگرتبو.

## د. رێواز فایەق سەردانێکی بۆ دامەزراوەی ڤیژن ئەنجامدا




1ـی کانوونی یەکەمی 2025 د. رێواز فایەق سەرۆکی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و د. دانا عەبدولکەریم ، راگری کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سلێمانی و د. زانا رەسوڵ، مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی یاسایی سەردانێکیان بۆ دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ئەنجامدا. لە کۆبوونەوەیەکدا شاندی هەردوولا گفتوگۆیان لەبارەی ئەنجامدانی مێزگرد و توێژینەوەی تایبەت بە پرسی (یاسای نەوت و غازی هەرێم) ئەنجامدا و وردەکارییەکانیان بۆ ئەنجامدانی مێزگردەکە تاووتوێ کرد.

## دامەزراوەی ڤیژن دیدارێك لەنێوان وەبەرهێنەرانی هەرێم و قەتەریی پێشنیاز دەكات



شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی سەردانێکیان بۆ کونسوڵخانەی قەتەر لە هەولێر ئەنجامدا و لەگەڵ حوسێن بن ئەلکوبەیسی هەڵسوڕێنەری کاروباری کونسوڵخانەی گشتیی قەتەر کۆبوونەوە. عەدنان عوسمان، سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن باسی لە ئەنجامدانی دیدارێك كرد بۆ کۆکردنەوەی وەبەرهێنەرانی هەرێمی کوردستان و قەتەر و باسیشیان لە دۆزینەوەی شێوازێکی پەیوەندیکرد و کارکردن کرد تا هەردوولا لەڕێی سندوقی گەشەپێدانی قەتەرەوە بتوانرێت گەشە بە كەرتی ژینگە، كشتوكاڵ و دروستكردنی هەلیكار بدرێت لە هەرێمی كوردستاندا.

## دامەزراوەی ڤیژن و وەزیری ژینگەی عێراق کار بۆ بەرەوپێشبردنی ژینگەی عێراق و هەرێم دەکەن




لە 4ـی کانوونی یەکەمی 2025، د. هەڵۆ عەسکەری، وەزیری ژینگەی عێراق سەردانێکی بۆ دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ئەنجامدا و تاوتوێی دۆخی ژینگەی عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکیان کرد. دامەزراوەی ڤیژن داوای کرد لە داهاتوودا بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق چەند پڕۆژە و توێژینەوەیەك بۆ بەرەوپێشبردنی دۆخی ژینگەی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن و بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەش سەرنج و پێشنیازەکان خرانەڕوو.

## دامەزراوەی ڤیژن توێژینەوەیەکی نوێی لەبواری کاریگەری هەواڵی ناڕاست و چەواشە بڵاوکردەوە



لە 4ـی کانوونی یەکەمی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا توێژینەوەیەکی لەبارەی رۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست و چەواشە بڵاوکردەوە لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا. لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا، فەلاح حەسەن بەڕێوەبەری پڕۆژەی عێراق فلتەر، راپۆرتی کۆتایی پڕۆژەکەی لە بارەی بەدواداچونی هەواڵی ناڕاست و چەواشە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڵاوکردەوە و رایگەیاند، "10٪ی هەواڵە چەواشەکانی ماوەی هەڵبژاردن ئاراستەی ژنان کراون".



## کونسوڵی ئیتاڵیا: پێویستە دیموکراسیەتی هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت




لە 6ـی کانوونی یەکەمی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی پێشوازی لە تۆماسۆ سانسۆنی، کونسوڵی گشتی ئیتاڵیا کرد و لە کۆبوونەوەیەکدا گفتوگۆیان دەربارەی ڕۆڵی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان و عێراق، گرنگی پاراستنی ئاسایش و ئابوری لە ناوچەکەدا کرد. لای خۆیەوە کونسوڵی گشتی ئیتاڵیا لە هەولێر باسی لە گرنگی پاراستنی دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستان کرد و پاڵپشتی خۆشی بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆکانی نێوان هەردوو پارتی حوکمڕان کرد، ئاماژەی بۆ ئەوەدا کە ئەوان لەڕووی سەربازی و مەدەنییەوە لە هەرێمی کوردستان بونیان هەیە و ئارامی و ئاسایشی ناوچەکەش بە گرنگ دەبینن.

## دیداری ڤیژن بۆ گەشەپێدانی ئابووری چەمچەماڵ بەڕێوەچوو



7ـی کانوونی دووەمی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی دیداری (دەرفەتەکانی گەشەپێدانی ئابووری چەمچەماڵ) بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی چەرمو بەڕێوەبرد. دیدارەکە لە سێ پانێڵ پێکهاتبوو، پانێڵستەکان تەوەرەکانیان بە وردی گفتوگۆ کرد و لە کۆتاییشدا ژمارەیەک پێشنیار و راسپاردە خرانەڕوو کە لە گفتوگۆکانی دیدارەکەدا سەبارەت بە قەزای چەمچەماڵ پێی گەیشتبوون.

## دامەزراوەی ڤیژن پێشوازی لە دوو پەرلەمانتاری خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کرد



لە 17ـی کانوونی یەکەمی 2025 دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، پێشوازیکرد لە سەرخێڵ نەجمەدین و هەڵمەت هوشیار، ئەندامانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە دیدارەکەدا جەخت لە گرنگیی کاراکردنەوەی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان کرایەوە، هەروەها باسیان لە گرنگیی هەماهەنگیی نێوان پەرلەمانی کوردستان و دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوە و کۆمەڵگای مەدەنی کرد.

## دامەزراوەی کەریمی عەلەکە و ڤیژن لەکاری هاوبەشدا



لە 23ـی کانوونی یەکەمی 2025 بە بەشداری دەستەبژێرێك لە خاوەن و نوێنەری کۆمپانیا، وەبەرهێنەران، شارەزایانی ئابوری و نوێنەری بانکەکان مێزگردێکی تایبەت بە گواستنەوەی شێوازی پارەدان لە کاشەوە بۆ ئەلیکترۆنی گفتوگۆیان لەبارەوە کراو و ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە خرانەڕوو. مێزگردەکە تایبەتکرابوو بە خستنەڕووی ئەو کێشانەی رووبەڕووی کۆمپانیا گەورە و بچوکەکان و وەبەرهێنەران و بانکەکان دەبنەوە لە ئاڵوگۆڕە ئەلیکترۆنییەکانیان و هەوڵدرا لەڕێگەی خستنەڕووی کێشەکانیانەوە بگەنە چارەسەر.

# یاداشتنـامەی لێکتێگەیشتـن









### وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و دامەزراوەی ڤیژن یاداشتنامەیەکیان واژۆکرد

لە 9ی تشرینی یەکەمی 2025 وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیان واژۆکرد. بەپێی یاداشتنامەکە هەردوو لایەن پرۆژە و چالاکی و توێژینەوەی هاوبەش ئەنجام دەدەن، لە چوارچێوەی بوارەکانی کاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و دامەزراوەی ڤیژن و چین و توێژە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگە.

### دامەزراوەی ڤیژن یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ناوەندی بەیان بۆ لێکۆڵینەوە و پلاندانان واژۆ دەکات

رۆژی هەینی 24ی تشرینی یەکەمی 2025 بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسان و نوێنەرانی دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوەی بەغداد، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیان لەگەڵ ناوەندی بەیان بۆ لێکۆڵینەوە و پلاندانان واژۆ کرد، بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دیدار و کاری و چالاکی هاوبەش لەنێوان هەردوو دامەزراوەکەدا.

### دامەزراوەی ڤیژن و دامەزراوەی ئەلکەلیمە بۆ دیالۆگ و گەشەپێدان یاداشتنامەیەکیان واژۆکرد

لە 26ی تشرینی یەکەمی 2025، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ دامەزراوەی ئەلکەلیمە بۆ دیالۆگ و گەشەپێدان واژۆ کرد. یاداشتەکە لەلایەن عەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن و مەهدی خەزعل بەڕێوەبەری دامەزراوەی ئەلکەلیمە واژۆ کرا.

### زانکۆی کۆیە و دامەزراوەی ڤیژن یاداشتنامەیەک واژۆ دەکەن

لە 16ی ئەیلولی 2025، زانکۆی کۆیە و دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژۆ کرد. بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە هەردوولا لە پرۆژە و توێژینەوەی هاوبەشدا هاوکار دەبن، هەروەها چالاکی زانستی و رۆشنبیری ڕێکدەخەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دابینکردنی چارەسەر بۆ ئاستەنگە بەردەوامەکان.



# نوێتریـن لێکـۆڵینـەوە و بڵاوکراوەکانی ڤیژن

دامەزراوەی ڤیژن ، کۆمەڵێک توێژینەوەی تازەی بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ زنجیرەیەک لە ڕاپۆرت و شیکاری نوێ پێشکەش دەکات کە بابەتی گرنگن لە بواری سیاسەت، ئاسایش، ئابووری، وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەگرێتەوە. ئەم بڵاوکراوانە ئامانجیان ڕەخساندنی گفتوگۆی بابەتیانە و تێروانینێکی ستراتیژییە بۆ دارێژەرانی سیاسەت و کەسانی پەیوەندیدار بە گشتی.





• **دەرفەتی توێژەر**

دامەزراوەی ڤیژن دەرفەت بۆ توێژەران دەڕەخسێنێت کە بەشداری لە پڕۆژەی جۆراوجۆردا بکەن. کەسانی ئارەزومەند هان دەدرێن داواکاری پێشکەش بکەن.



• **بانگەواز بۆ خوێندکارانی زانکۆ**

بانگەوازێک بۆ خوێندکارانی زانکۆ ڕاگەیەندرا کە ویستی بەشداریکردن لەدەستپێشخەرییەکانی دامەزراوەی ڤیژن دەکەن. وردەکارییەکان لە ماڵپەڕی دامەزراوە بەردەستە.

## پلان و چالاکییەکانی داهاتووی دامەزراوەی ڤیژن

1. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)، ڕێکخراوێکی تایبەت بە توێژینەوەی ستراتیجییە، ئامانجیەتی کە بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری بکات لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە داراییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی ئاسانکاری بۆ گفتوگۆ و پێشخستنی چارەسەری بەردەوام و هاوبەش.

2. یەکێک لە ئەولەویەتە ستراتیجییەکانمان بۆ قۆناغی داهاتوو، چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەیە کە ڕووبەڕووی کۆچبەرە گەڕاوەکان دەبێتەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان. ئامانجمان پەرەپێدانی چارەسەری پراکتیکی و بەردەوام بۆ تێکەڵبونەوە لە ڕێگەی ئامادەکردنی (پۆلسی پەیپەر) کارنامەی سیاسەت لەسەر بنەمای بەڵگە و ئاسانکاری بۆ فۆکەس گروپەکان و گفتوگۆکانی کۆمەڵگا بەگشتی. ئامانجمان پشتگیریکردنە لە تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی گەڕاوەکان لە کۆمەڵگاکانیاندا.

3. دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە جێبەجێکردنی داڕشتنی پلانێکی گشتگیردایە، بۆ بەرەوپێشبردنی گەشەسەندنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، بە گرنگیدانێکی تایبەت بە ڕاکێشانی وەبەرهێنان. ڕێبازەکەمان بریتییە لە دابینکردنی چارەسەری پشت ئەستور بە داتا و زانیاری، بڵاوکردنەوەی وتارەکانی سیاسەت، و چارەسەرکردنی پرسە سەرەکییەکانی پەیوەست بە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی.

4. یەکێک لە ئەولەویەتە ستراتیجییەکانمان ئەنجامدانی توێژینەوە و میوانداریکردنی گفتوگۆیە لەسەر لامەرکەزییەت و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە زیرەکەکان لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیا، بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی شارەوانییەکان لە کەمکردنەوەی بارگرانییە کارگێڕییەکان و باشترکردنی کارایی و کوالیتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان.



## لە دیدگاوە بۆ کاریگەری

لەگەڵ داخستنی چوارەم هەواڵنامەمان، دیدگای خۆمان بۆ خوێنەرانمان دووپات دەکەینەوە کە لەسەر ئاشتی و خۆشگوزەرانی و مافەکانی مرۆڤ بنیات نراوە. دامەزراوەی ڤیژن پابەندە بە پێشخستنی گفتوگۆی کراوە و لێکۆڵینەوەی کرداریی لە پێناو داهاتوویەکی باشتر بۆ هەمووان.

**لە پەیوەندیدا بن لە گەڵمان.**

www.visionfoundationiq.org | info@vfssiq.org

Vision Foundation
for Strategic Studies

| visionfoundationiq

Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org